www.kurdistannet.org
08/05/2002 00:04

# ئەوروپاو مەترسی گەڕانەوەی فاشیزمدا

## ریبوار عارف

فەرنسە لەسەر شانۆی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهاندا وولاتێکی پڕ جموجۆل و سەرنج ڕاکێشە ، ئەمڕۆژانە بەهۆی هەلبژاردنی سەرۆك کۆمارەوە میلیونەها ئینسان لەسەرتاسەری جیهاندا چاویان بڕیوەتە سندوقەکانی ڕای دان و ڕوداوەکانی دەرەوەو سەرشەقامەکان .

ڕۆژی یەك شەممەی ڕابردو لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا، ( ژۆسپن ) شانسی بەشدرابوونی لە خولی دووهەمی  هەلبژاردن لە دەست و میدالی سەرۆك کۆمار بوون کەوتە دەست یەکێك لە دوو کاندی تری ئەم هەلبژاردن ، کە ( جان ماری لوپین ) سەرۆکی فاشیستی حیزبی ڕاست لەلایەن ( بەرەی نیشتمانی)یەوە ، هەروەها ( جك شیراك ) نوێنەری باڵی ڕاست کەوتنە بازنەی بەشداری کردن لەخولی دووهەمی هەلبژاردندا کە بڕیار وایە لە ٥ ئایارەوە دەست پێ بکاتەوەو یەکێك لەم دوو  کەسایەتییە بۆ سەرۆك کۆماری فەرنسە هەلبژێرن .

هەرچەند ئەگەری هەلبژاردنی لوپین بۆ سەرۆك کۆماری فەرنسە لاوازەترە ، بەتایبەت بەهۆی هەلویست گرتنی ئەحزابی چەپ و هەندێ لایەنیترەوە کەلەم ڕۆژانەدا هەر لەحیزبی کۆمۆنیستەوە تا حیزبی سوسیالییست وحیزبی سەوز وکاتۆلیکەکان و کلیساکانیش هەلویستی خۆیان لەبەرژەوەندی جاك شیراك دەربڕی . بەلام ئەم جێگەو ڕێگەیە بۆ کەسایەتییەکی فاشیستی وەك لوپین ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە کە ئاخۆ جیهانی ئەمڕۆ چەند پیویستی بە فاشیستێکی وەك سەرۆکی بەرەی نیشتمانی هەیە ؟ ئایا چەندە کۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆ خوازیاری گەڕانەوە بۆ باوەشی بەربەریەت وبەگەر خستن وجۆشدانەوەی کورەخانەکانی سەردەمی هێتلەرە لە ئەوروپادا ؟

دەیەی ڕابردو دەیەی ئالوگۆڕێکی مەزن و مەترسیدار بوو لە کۆتای سەدەی ڕابردودا. کۆتای پێهێنانی جەنگی ساردو جی خال کردنی بۆ نەزمی نوێی جیهانی هەلقەی بزوێنەرو چارنووسازی ئەو گورانکاریانە بوو ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوە بەفەرز وەرگیرا کە باڵی ڕاستی کۆمەلگا دەبێت ڕەقەمی دیاری کردنی چارەنووسی بەشەریەت لێبدا. وەبەکردەوە هێرشی ڕاست بۆ سەر ئاستی ژیان وگوزەرانی خەلکی و سەندنەوەی زۆرێك لە دەستکەوتە مێژووی یەکان وهێنانە خوارەوەی ئاستی چاوەرانی ئینسان وکەمکردنەوەو بڕینی زۆرێك لە بیمەو خزمەت گوزاریە کومەلایەتییەکان، بەکورتی داسەپاندنی ئاستکی نزمی گوزەران و هەموو ئەوانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، زەمینەی بۆ بەهیزکردنی وپەرەپیدانی ناسیونالیزم ونەژادپەرستی وگەرانەوەی کۆمەلگا بۆباوەشی کونەپەرستی وبەهیزبوونەوەی دین وخرافات خوڵقاندووە .

www.kurdistannet.org
08/05/2002 00:04

لەهەناوی ئەو بارودۆخەدا زۆرێك لە دەستەكەوتە مێژووی یەكانی ئینسان بوونە قوربانی ، كە رق و كینەی دژی خارجی بوون ، بووە دەستمایەو سەرمایەی بەهیز بوون و كەوتنە سەرپێی زۆرێك لە كەسایەتی و حیزبە سیاسیی‌یەكان بەنرخی پەرە پیدانی ئەو كینەو پەتایەی كە دەروازەی وولاتانی ئەوروپای بەرووی پەنابەران و كۆچكردوان دادەخات .

بەم جۆرە فاشیزمی ئەم كومەلگایانە بە پشتیوانەی بریارە دژی پەنابەری یەكانی بالی ڕاست و بەتایبەت سوسیال دیموكراتی ئەم وولاتانە سنوورەكانی وولاتانی ئەوروپایان بزمار ڕیژ كردو شعاری ئەوروپا بۆ ئەوروپی‌یەكان بەكردەوە بووە بنەمای ڕێكەوتنامەكانی شەنگن ، دبلن ، تامپرە ، .... !

بەم جۆرە فاشیزم ونژاد پەرستی كەش وئاو هەوایەكی زۆر لەباری بۆ ڕەخسێنرا تا هێرش كردنە سەر یەكێك لە بەرچاوترین دەستكەوتە پڕ بەهاكانی میژووی ٢٠٠ سالی رابردوو كە بەهاو مافی بەڕەسمی‌یەت ناسینی مافی پەنابەری و مافی نیشتەجێ بوونە .

ئەم واقعیەتە تاڵە بە كردەوە زەمینەی هاتنە مەیدان و بەهیزكردنی غۆلی فاشیزمی رەخساندوە ، بەرادەیەك كە ئەمرۆ دەبینین كە لوپین ١٧٪ دەنگەكان بە دەست دەهینێت كەبەپێی ئەو ئامارگیرایانەی كە ناوەندی لێكوڵینەوەن ، باس لەوە دەكەن كە بەشێك قوربانیانی ئەم بارودۆخە بەم شێوە دەنگ دەدەن بەسەرۆكی بەرەی نیشتمانی: لە سەدا ٣٠ بیكاران ، لە سەدا ٢٤كریكاران ، لەسەدا ٢٠ لاوان رایەكانیان لەبەرژەوەندی بەرەی فاشیزمدا دەخەنە نیو سندوقەكانی دەنگ دان .

كە پیشتریش ئەم تراژیدیایەمان بە شیوەیەكی تر لە رای دانەكانی وولاتانی بەلجیكا ، دانمارك ، هولند... دا ، بینی یەوە كەچۆن حیزبە راسیست و فاشیستەكان كورسی یەكانی پەرلەمان داگیر دەكەن وە لە سایەی نعمەتی ئەم نیزامە " دیموكراسی " یەدا دەیانەویت جاریكی تریش ، دڵی ئەوروپا بكەنەوە گۆرەپانی گەشت و گوزەری دەستەلاتداری‌یەتی بەری نیشتمانی فاشیزم . كە ئەم هەقیقەتە جێ پێی بە بەرەی راستی بورژوازیشی لیژ كردوە بۆیە زۆرێك لە سەرانی ئەوروپا پاكانە بۆ ڕوونەدانی وەها ڕووداوێك دەكەن لە وولاتانی خۆیانداو نەك هەر ئەمە بەڵكو سالۆنی كۆبوونەوەی ئەوروپای یەكگرتوشدا چەند ڕۆژ لەمەوبەر بووە جێگەی قسەوباس كردن لەسەر نامۆ بوونی هەلویستی لۆپینی بەرەی نیشتمانی بە پایە اصولی یەكانی ئەوروپای یەكگرتوو.

## بەلام ئاخۆ بەرەی بێ نیشتمان و ئازادیخوازان لە دەرەوەی سندوقی ڕای دانەكان سەرگەمی چین ؟

له مرۆژانه‌دا زه‌م زه‌مه‌ی بێزار بوون له‌سیسته‌می موجودو سمبولی په‌رله‌مانی سه‌رمایه‌داران بووته وێردی سه‌ر زمانی سه‌دان هه‌زارو ملیونه‌ها ئینسان که به‌شێوه‌ی جوراوجۆر له شه‌ن وکه‌وکردنی و لیدانه‌وه‌ی بێ سه‌مه‌ربوونی ئه‌م نزامه‌دان . که به‌شیك له په‌یامی ئه‌م به‌ره‌یه خۆی له به‌شداری نه‌کردنی زیاتر له ٣٠٪ی خه‌لکی فه‌ره‌نسه‌دا ده‌بینیته‌وه له هه‌لبژاردنی ئه‌م رۆژانه‌دا . له‌لایه‌کی تریشه‌وه مارشی خۆپیشاندانه‌کانی سه‌ر شه‌قام شوینه گشتی‌یه‌کانی ئه‌م رۆژانه که ده‌یان وسه‌دان هه‌زاری که‌س په‌رچه‌می خه‌بات و تیکوشانی‌یان دژ به فاشیزم و نژاد په‌رستی به‌رزکرده‌وه‌ته‌وه‌و هاتوونه‌ته مه‌یدان.

ئه‌مه ده‌نگی ده‌ره‌وه‌ی سندوقی رای دانه‌کانه، جا ئه‌گه‌ر چه‌پ و رادیکالی ئه‌م وولاتانه له‌سه‌ر بنچینه‌ی باشتر کردنی ژیانی ئینسان و پی داگرتن له به‌رژوه‌نده‌ی‌یه چینی کریکارو خه‌لکی سته‌م دیده‌ی ئه‌م وولاتانه دروست بووبن ، به‌دلنیای ده‌بیت ده‌نگی نارەزای ده‌ربرینی جه‌ماوه‌ری ملیونی به‌م نیزامه بکه‌نه په‌رچه‌می ئالوگۆڕێکی ڕیشه‌یترو هه‌نگاونان به‌رو کۆمه‌ڵگایه‌کی ئازاد و به‌رابه‌ر کومه‌لگایه‌ك که‌چی‌تر ئینسان به‌ده‌ست ئنیسانه وه نه‌چه‌ویسته‌وه، کۆمه‌لگایه‌ك که‌خه‌به‌ریك له‌سته‌م و چه‌وسانه‌وه‌ی نژادی، میللی ، جنسی.. نه‌بیت ، کۆمه‌لگایه‌ك که چین و جیاوازی یه چینایه‌تی یه‌کان به مۆزه‌حانه‌ی میژوو سپێرابن .

هاتنه مه‌یدانی ملیونه‌ها کریکاری ئه‌م رۆژانه له شه‌قامه‌کانی ئیتالیا ده‌کرێت ڕه‌مزی تواناو به‌رهه‌ق بوون و ممکین بوونی خواسته‌کانی ئه‌و بزوتنه‌وه بیت که ده‌یه‌ویت ژیان به‌ره‌و ئاقاری دنیایه‌کی باشتردا به‌رییت.

ماوه‌بلیم ئه‌وه‌ی که تا به ده‌وری ئێمه‌ی په‌نابه‌ران ده‌گه‌ریته‌وه هیچ ریگه‌یه‌کی ترمان له‌به‌رده‌مدا نی‌یه جگه له‌پشگیری و په‌یوه‌ست بوونمان نه‌بیت به به‌ره‌ی ئه‌م سه‌نگه‌ره‌وه که ده‌یه‌ویت ئالوگوڕێکی ڕیشه‌ی له‌به‌رژه‌ندی ئینساندا پیك بێت ، بۆیه ته‌نانه‌ت دیفاع کردن له به‌ده‌ست هینانی ماڤ په‌نابه‌ری ونیشته‌جێ بوونمان له گره‌وی به‌هیزکردنی ئه‌م سه‌نگه‌ره‌دایه‌و بۆیه ده‌بیت بۆی تیکۆشین.